# خولانەوە بەدەوری بازنەکانی رۆحدا!!

نامۆ سامان

هاورێ..
نامە کان کە لە ژێر هە رە سی بە فردا سوتانو پە نجە کانی پێ خامۆشکرانە وە
نامە کان کە لە ژێر هە رە سی خۆکوشتندا خکێنراونو سیماکانی پێ سپی کرلنە وە
نامە کان کە بە رێوە بوون نهێنیـ سوتاندیان ئە سپراد بە رە شە بـا
نا مە کان کە ماچە کانیان تایا داخ دە کرانو سێبە رە کانیان تیا ئە تك کران
ئە و نامانە ی کە سنگی شە وی ئە دریو جە ستە تە زیوە کانیـ رۆحیان گە رم دە کرد
هە موو نامە کان بە لگە بوون بۆ خیانە ت
بە لگە بوون بۆتە رە بوونی مە لە سپێکانی رۆح
بە لگە بوون بۆ کوشتنی ئە ستێرە کانی ئە شق
بە لگە بوون و لە ژە هری شە وە کاندا رە نگـ دە کران
ئە شێ ئە مە دوا نامە ی ئە شقو
دوا نامە ی خیانە تو
دوا نامە ی درکاندیـ نهێنێکان بێ
ئە شێ لە دوای وە رینیـ پە نجە کان ئیتر ئە ستێرە یە ك لە سە رما نە روێ
ئە شێ لە دوای کوشتنی ریشۆڵە کان ئیتر مە لێك لە رۆحما نە فرێ
ئە شێ لە دوای ئە م ئاوارە بوونە ئیتر کە سێك موحیبە تم پێنە فرۆشێ
ئە شێ لە دوای ئە م هە تاو تە رە بوونیـ پە نجە رە ی رۆحە
ئیتر خانمێك نیگام تێ نە گرێ
ئیتر خانمێك پە نجە کانی لە دڵە پیسە کە مدا نە گوشێ
ئە شێ یاخی بوون
بێزاری ساتە کان بێ
ئە شێ تە رمی مردارە بووی ریشۆڵە یە ك
یاخی بوونی وە رزە کان بێ
ئە شێ ئە م سە رە نە فرە تلێکراوە ی من
عە نتیکە خانە ی بودە ڵە کان بێ
هاورێ..
ئیتر من شتێك ناڵێم بۆ ووتن بشێ..
ووتنێك مایە سە رگە ردانی خۆمو فرینی مە لە کانی ئە شق بێ..
شتێك دە ڵێم لە وورە ووری جە هالیە ت نە بێت لە هیچیـ تر نە چێ..
ئیتر خۆم لە قۆزاخە ی پە پولە کان نادە م.. ئە ولن بێ رۆحی من پاکن
گوڵە کان بون ناکە م پە رە ی ئە وان لە دڵی مێینە دا جوانن
بە باخچە کاندا رە ت نابم.. دڵی ئە وان سە وزو پر لە عە تری رۆح
پر لە دە نگی کە لە سە مە کانی ئە شقو شە ونمی ئێوارانی ژوان
ئیتر بە و کوڵانە دا رە ت نابم کە جە نگ درکی پێنە کردوە
لە دە رگای ئە و ماڵانە نلدە م کە هێشتا وە فا
لە پە نجە کانیاندا هێلانە ی بە ختە وە ریـ سە وز دە کە ن
، ئیتر شتێك ناڵێم بۆ ووتن بشێ، ، لە وورە وورە نە بێ

من سێبه رێكم له خیانه ت . .
له وه ته ی هه م په نجه كانم به خوێنی براكانم تینووه
من لێره وه له كێشانی رۆحه كانی جه سته بێزارم
من لێره وه له كێشانی فریشته كانی ئه شق بێزارم
له ئایه ته كانی شه ڕو ئه هریمه نی ئه م خوایانه بێزارم
ئیتر خۆم ده كێشم
ئیتر جه للاد ده كێشم
تا ئه به د ئاوی جه هالیه تی خۆم ده خۆمه وه
خۆم فرێده ده مه جه وزی خیانه ته وه
ده بمه كۆپی تاوانه كان
قولاپێك ده خه مه حه وزی خیانه ته وه
كه دارلاستیكیان بۆ كێشام
ئیتر زانیم من یه كه م بكوژی ریشۆڵه كانی شار ده بم
ئیتر زانیم رۆحم له م دوو پێیه جیانابێته وه . .
مه حاڵه جارێكی دیكه ئلوی ئاسوده ی خۆمو ئه ستێره كان بخۆمه وه
ئیتر مه حاڵه ئه شق له چاوه كانم نزیك بێته وه . .
من له دوو پێیی خۆم بێزارم هاورێ
له وه ته ی هه م په نجه كانم له سه ر په له پیتكه ی تۆڵه ن بۆ خیانه ت
له وه ته ی هه م له سه نگه رێكدام بۆ خیانه ت
هه وره كان به لامدا ره ت ده بن و نابارێنن
وه رزه كان هه ڵنجی بێئلبرووی یه كتری ده ده ن
وه رزی من كۆتای شه ری براكان بوو
وه رزی من سه ره تای شه وه شه هوه تێكانی ئه شق بوو
50 ساڵ تفه نگ
30 ساڵ خۆ كوژی
10 ساڵ كۆچ
ئێستاكه به م ته مه نی خۆڵه مێشیه وه
به م سوێسكه ی دڵه و خورنشینی په نجه ره یه وه
جه نگ بێت یان ئاشتی به من چی
شه وه كان به گوناحه كلن سپی نابێت هاورێ
تازه باور ناكه م چاڵه كانی جه نگ
به ر له سه ر برینی سێبه ره كانی ئێواره و
به ر له كوشتنی سفره ی ئێواره و
به ر له كوشتنی ریشۆڵه كانی ئێواره
گوڵێك تیایه بروێ
به گوڵم بڵێن :
رۆژێك دێت ئه م دوو پێییه
به خۆیبو عودو كه مانیه وه
خۆی ده كات به دڵی سۆزانیه كدا
ئیتر تا وه رزی خۆكوشتن
ئیتر تا وه رزه ی سه ر برینی په نجه كان ناگه رێته وه

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

ئیتر تا سرینه وه ی کۆپی تاوانه کان ناکێشێته وه
ئیتر سێبه ری پیاوه گه لحۆکان نایبینه وه
خۆی ده کات به دڵی سۆزانیه کی دڵ ره قکلد
له یه وه . . . ئا له یه وه
له سه ر ته ختی خه ونێك
له سه ر شه ونمی شه وێك
به سێبه ره وه
به خۆری ده منشینه وه
به تریقه ی منالیه وه
له سه ر شه هوه تی سۆزانیه ك
باس له دروستبوونی منداڵێ ده كات
ئه م مرۆڤه چه ند بێئابرووه هاورێ
به که ر بلێن:
له سه ر کلکی تۆ؟
کوره که ی عه ولد
براکه ی عه ولد
باوکی عه ولد
برازاکه ی عه ولا
پورزاکه ی عه ولا
کوری کوره که ی عه ولامان کوشت
ئه ی بێوه فا
که چی تۆی که ر
به چاوی خۆمارو ته ره وه
به ملی ئه ستوریو شۆه وه
سه ر ت له قاند بێوه فا
که چی له تۆڵه ی ئه و ڕۆژه پیرۆزه دا
زه رینێك نه زه رایت!!
هاورێ . .
زۆر هه ولمدا له ژووری ته نیای خۆم بێمه ده ره وه
مۆمێك بۆ ئه شق داگیرسێنم
په نجه کانم بکه مه ئالای شه وه کانو
نیشتیمانێك له دڵه ترافێکه ما هه لکه م
زۆر هه ولمدا ئه م دڵه پر له حوزنه له قردێله یه ك بده م
شه وانه دره نگ وه خت که ته نیایی لوولی ده کردمو فرێ ده دامه خۆمه وه
فرێده دامه ناو که ئابه و خۆکوشتنه وه
له تاوا به په له وه ك ئه وه ی ده ستم نه چێته
ئه م جه سته ترافێمه وه
خۆم ده کرد به باره شه هوه تێکانی ستۆکۆلمدا
شه وم له باوه شی سۆزانێکاندا ئه کرده وه
که چاویشم لێك ده نا تارێکو روون
فرێده درامه شه قامی ته نیای خۆمه وه

جارێکی تر بۆ تە نیایی
جارێکی تر بۆ کە ئابە
هاورێ. .
ئە وە ندە م لە ش فرۆشت بە سۆزانێکانی وڵات
ئە وە ندە م خیانە ت لە جە ستە ی خۆم کرد
ئیتر باورناکە م هیچ سۆزانیە ك لە دڵێ رە قیا جێمکاتە وە
مە گە ر بگە رێمە وە سە رابی نیشتیمانە بودە ڵە کە م
کە منی فرێدایە تاراوگە ی رقە وە
مە گە ر ئە م هە موو شە هوە تە حە رامە
لە جە ستە ی کچێکی شارە کە مدا سپیکە مە وە
هاورێ تۆ لە ووێ لە بە ردە م ئاوێنە ی ڕۆحدا
خە ریکی رازاندە نە وە ی رۆح و جە ستە ی
لە بە ر دە م خۆتا دە ستە بە پرچی تە نیایی خۆتا دهێنی
لە دڵە تە نیاکە دا تە نها خۆت دە بینی
سپیدە تا کزە ی ئێواران
لە بە ردە م بۆشایی رۆژە کاندا لە خۆت ئە راوانی
کە دە رگایی تە نیای خۆتیش ترازاند
پە شیمانی داتدە گریو دیسانە وە بۆ ماڵە وە
دیسانە وە بۆ کە ئابە ت
دیسانە وە بۆ تە نهایی
دیسانە وە بۆ بە ردە م ئاوێنە ی رۆح
هە موو پیاسە ی ئێوانی تۆ
خولانە وە بوو بە دە وری جە ستە و رۆحتا
خولانە وە بوو بە دە ری دیوارە کانی شاردا
ئای هاورێ. .
دنیای تۆ. . دنیای دە رە وە ی تۆ
لە خۆ کوشتنێك دە چێت کە تاکو ئێستاکە بودە ڵە کان درکیان پێنە کردووە
دنیای دە رە ی تۆ لە پە شیمانییە ك دە چێت بۆ بوون
دنیای دە رە وە ی تۆ لە ئازارێك دە چێت بە رە وە جە نگ
ئیتر دنیای دە رە ی تۆ هاورێ
لە مە رگی مێینە یە ك دە چێت
کە بە دە م سێبە ری ئێولرە وە
بە دیار کچێنی خۆیە وە هە ڵنیشتبێت
ئیتر دنیای دە رە وە تۆ
هە بێت یان نە بێت بە تۆ چی
ئیتر جە نگ بێت یان ئاشتی بە تۆ چی
دنیای ناوە وە ی تۆ بۆنی گۆرە ی گرتووە هاورێ
دنیای دە رە وە من رە نگی هیچی گرتووە هاورێ
هاورێ. . . .
. ئێمە چیمان نە کرد لە م ژیانە نە فرە تلێکراوە دا
ئێمە بە دووی سێبە ری ئە م سە رکردە یە دا چیمان نە کرد

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

وه ك سواريّكى گلاو لـه دووى پاشكوى ئه سپيّكى دۆراودا، ، به كۆلّانه كانى شاردا خولمان ده خوارد
شمشيّره كوله كه مان لـه جه سته ى يه كتريدا تيژ ده كرده وه ده رگا ده رگا، مالّه و مالّ يه كمان ده كوشت، ،
به دووى ئه و ساوه يه دا ده گه راين كه سيحرى خه ونمان ده يووت: دوو پيّيه ك ده بيّت ته مه ن يه ك رۆژ. . . ،
دوو پيّيه ك ده بيّت هه ر لـه يه كه م گه لّاى ته مه نيه وه تا سالّه نه زۆكه كان، تا وه رينى فه لسه فه ى حيزب
به تف سواخمان ئه دات، ، هه ر ئه م شه و ده بيّت بكوژريّت، ، ده گه راينو پاشكۆى ئه م جه نگه دۆراوه مان لـه ملى يه ك
ده سوو
مندالّيّك ده بيّت ته مه ن يه ك رۆژ ئه ستيّره لـه سه ريا ده رويّو ده ريا لـه به رپيّيدا راده خريّت
ئيتر ئيّمه. . ئيتر ئيّمه وحيزب ته فروو توناده كات
، مه لۆتكه يه ده بيّت عه جايب ئاخر زه مان ده بيّت. . ئيتر ئيّمه ره واجى فه لسه فه و حيزبمان به فلسىّ ناكريّت، ، ،
هاورىّ. . حيزب بريارى ئه داو. . ئيّمه يه كمان ده كوشت
حيزب هه لّنجى ئه دايه وه. . ئيّمه مه لـه مان لـه نلو خيانه تا ده كرد
حيزب زورناى ليّئه داو. . ئيّمه لـه ره شبه لّه كى يه كترى كوشتندا سه رچۆپيمان ده گرت
حيزب فه تواى ئه داو. . ئيّمه ئايه ته كانى شه رملن لـه به ر ده كرد
حيزب ده يووت بمره. . ئيّمه ده مردين
حيزب فه تواى بۆ قوربانيّكانى شه ر ده ر ده كرد. . ئيّمه سه رو كوريّك
حيزب ده يووت ئاشتى. . ئيّمه هه لهه لـه ى سه ركه وتنمان ليّئه دا،
، ده ستمان ده كرد به گه ردنى حيزبدا و وه ك نه با مان ديبىّ نه باران
لـه سه ر سفره ى خويّنى براكان پيّكى سه ركه وتنمان ئه دا لـه يه ك
ئيّمه چيمان نه كرد ها________و________ر______ىّ
ئاى! ئيّمه چۆن ده ستمان چووه خويّنى ئه ستيّره كلن. .
رۆژه كانمان چۆن ئه تككرد. .
شه وه كانمان چۆن ئه دليه به رده ستريّژ
په نجه ره ى بوونمان چۆن به خويّنى براكان سوور كرد.
ئه م سه ره نه فره تليّكرلوه مان چۆن سپراد به وه حشه ت!!
ئاى! چۆن ئه م هه موو ئه رخه وانى دلّه مان ره ش پۆشكرد. .
ئه م هه موو لاولاوى ته مه نه مان چۆن به قلاپى حيزبدا هه لّواسى
ئاى! چۆن ____________هاورىّ____________هاورىّ

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003

www . kurdistannet.org
کوردستان نێت